گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ئاستی فۆبیای کۆمەڵایەتی لای قوتابیانی ئامادەیی

## (توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەقوتابخانە ئامادەییەکانی ناوەندی شاری هەولێر[1])

**م.ی.عمر حمه احمد**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر هەرێمی کوردستان، عێراق
omar.ahmed@su.edu.krd

**پ.د.صباح احمد محمد نجار**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر هەرێمی کوردستان، عێراق
sabah.najar1@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٣/٢/٢٧
پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٤/١٨
بڵاو کردنەوە:هاوین٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*Social phobia, High school, High school students, Social Anxiety, Teacher.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.2.13

**پوختە**

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی ئاستی فۆبیای کۆمەڵایەتییە لای قوتابیانی ئامادەیی (پۆلی 11)؛ هەروەها زانینی جیاوازی لەفۆبیای کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز(نێرو مێ)؛ جۆری قوتابخانە(حکومی و ناحکومی)؛ لقی خوێندن(زانستی و وێژەیی)؛ ئاستی بژێوی(هەژار، ناوەند، بەرز)، لەسەر ڕێبازی وەصفی شیکاری ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەنمونە توێژینەوەکە دیزاینکراوە، نمونەی هەرەمەکی چینایەتی بەکارهاتووە، (400)یەکە وەك قەبارەی نمونە وەرگیراوە، پێوەرێکمان ئامادەکردووە بۆپێوانەکردنی فۆبیای کۆمەڵایەتی، بۆشیکردنەوەی داتاکان پشتمان بەستووە بە(SPSS). ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئاماژە بەوە دەکات فۆبیای کۆمەڵایەتی بەراورد بە کۆمەڵگەی توێژینەوەو توێژینەوەکانی پێشو ئاستێکی نزمی هەیە بەرێژەی(16.75%)، جیاوازی نییە لەفۆبیای کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، جۆری قوتابخانە، لقی خوێندن،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەڵام جیاوازی بەپێی گۆڕاوی ئاستی بژێوی ژیان هەیە لە بەرژەوەندی چینی هەژار، واتە لای چینی هەژار فۆبیای کۆمەڵایەتی زیاترە، لەسەر بنەمای ئەنجامەکان کۆمەڵێك ڕاسپاردەو پێشنیاز خراونەتەڕوو.

## 1. پێشەکی

فۆبیای کۆمەڵایەتی یەکێکە لەکۆسپ و بەربەرستەکانی گەشەکردنی تاك لەڕوی کۆمەڵایەتی و گفتوگۆی نێوپۆل و باوەڕبەخۆبون و خود نرخاندن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها خۆلادان لەچالاکی و کارلێکی کۆمەڵایەتی و دواکەوتن لە خوێندن و کار لای هەرزەکار و گەنجان. لەلایەکیترەوە فۆبیای کۆمەڵایەتی ژیانی کۆمەڵایەتی تاك کۆنترۆڵ دەکات ئەگەر فەرامۆشبکرێت و چارەسەرنەکرێت، ڕەنگە ببێتە بەربەست لەبەردەم خۆشی و چێژبینین لەژیان و لاوازکردنی تواناو کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان.

ئەم توێژینەوەیە بەچەند هەنگاوێك ئەنجامدراوە، لەسەرەتاوە تیشکمان خستۆتەسەر ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە، لەگرفت و گرنگی و ئامانج و چەمك و سنورەکانی توێژینەوەکەو هەروەها تیۆری بەکارهاتوو لەتوێژینەوەکەدا، لەهەمانکاتدا تیشك خستنەسەر کارڕاییەکانی توێژینەوەکە لەمیتۆد و کۆمەڵگەو نمونەو ئامرازی ئامارگری؛ ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بەپێی ئامانجەکانی و شیکردنەوەو ڕاڤەی ئەنجامەکان خراونەتەڕوو.

## 2. ڕەگەزە سەرەکییەکانی بابەتی توێژینەوەکە

لێرەدا چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە تاوتوێکراوە، لە گرفتی توێژینەوەکەو گرنگی و ئامانجەکانی و سنور و پێناسەی چەمکە سەرەکییەکان خراونەتەڕو.

### 2.1 گرفتی توێژینەوەکە

وەك دەستەی وانەبێژان لەزانکۆ، یەکێك لەوئەرکانەی داوادەکەین بەدرێژایی ساڵی خوێندن قوتابی ئەنجامیبدات سیمنارە؛ زۆرجار تێبینی ئەوەمانکردووە، ژمارەیەکی زۆریان تا نزیك

بونەوە لەکۆتایی ساڵ سیمنارەکە ناکەن! کەئەنجامیشی دەدەن، بەئاسانی هەست دەکەین دەستیان دەلەرزێت! ڕەنگیان دەشێوێت! زۆرجار قسە دەبڕسکێنن! جۆرێك لە تەنگە نەفەسیان بۆدروست دەبێت، هەندێك جاریش لەسەرەتای سیمنارەکە خۆیان تەسلیم دەکەن و ناتوانن قسەبکەن! لەکاتێکدا پێویستە لەقۆناغی سەرەتایی و ناوەندی فێری ئەوەبوبن بەوپەڕی باوەڕبەخۆبونەوە لەبەرامبەر خەڵکانیتر وتار پێشکەشبکەن. ئەمەش دەبێتەڕێگر لەبەردەم تاك لەگەشەدان بەتواناکانیان و تێکەڵبون و بڕوابەخۆبون و سەرکەوتن لەژیان.

لە زانستە دەرونی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەم دۆخەدەڵێن فۆبیای کۆمەڵایەتی، کە کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر کەسایەتی تاك و کەمتوانایی، بەجۆرێك تاك ناتوانێت کارلێکبکات یان قسەبکات لەتەك کەسانیتر، ڕەنگە ببێتەهۆی سەرنەکەوتن لەکار و خوێندن(الرقاد، 2017: 233) لەهەمانکاتدا زیان دەگەیەنێت بە چۆنایەتی ژیان و ڕەنگدانەوەی دورمەوداشی دەبێت لەسەر خوێندن و ژیانی ئەکادیمی و چالاکیە کۆمەڵایەتییەکان و کار و پیشەو پەیوەندییەکان و لایەنی دەرونی و ڕەفتاری و نەگونجانی کۆمەڵایەتی(السوالقة والحوسني، 2019: 114؛ Lipsitz and Schneier, 2000: 30).

پرسیاری توێژینەوەکە: ئاستی فۆبیای کۆمەڵایەتی لای قوتابیانی ئامادەیی چەندە؟ ئایا جیاوازی هەیە بەپێی گۆڕاوی: ڕەگە(نێر و مێ)؛ لقی خوێندن(زانستی و ێژەیی)؛ قوتابخانەی(حکومی و ناحکومی)؛ ئاستی بژێوی(بەرز، ناوەند، هەژار)؟

### 2.2 گرنگی توێژینەوەکە

گرنگی توێژینەوەکە خۆی لەدو بواری سەرەکیدا دەبینێتەوە:

أ-گرنگی تیۆری، لەڕوی تیۆرییەوە شیکردنەوەو تاوتوێکردنی چەمکی فۆبیای کۆمەڵایەتی، خزمەتێکی گەورە دەکات بە دەوڵەمەندکردنی بواری زانستی بەزمانی کوردی و پرۆسەی پەروەردەیی و دۆزینەوەی ئاریشەکان و کۆسپەکانی بەردەم سەرکەوتنی تاکی کوردی لەپرۆسەی پەروەردەییدا. خستنەڕوو شیکردنەوەی ئەم گۆڕاوانە بەزمانی کوردی خزمەتێکی کەم وێنەیە لە بواری نوسینی ئەکادیمی بەزمانی کوردی و بەشدارییەکی کارایە لەبوارەکەدا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ب-لەڕوی پراکتیکیشەوە، لەبەرئەوەی ئەم بابەتە جەخت لەسەر کێشەکانی هەرزەکار و گەنجان دەکاتەوە کەسەرمایەی ئایندەی گەل و کۆمەڵگەن؛ ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەبێتە هۆی ڕێنیشاندەر بۆ پەروەرشیاران و داڕێژەرانی سیاساتی پەروەردەیی، بۆگرتنەبەری ڕێکاری زانستی بۆچارەسەرکردنی ئەو گرفت و کۆسپانەی دێنە ڕێگەی فێرخوازان و چارەسەرکردنیان. هاوتەریب لەگەڵ ڕەوینەوەی ترس و دڵەڕاوکێکانیان لەهەمبەر پرۆسەی پەروەردەیی و دەربڕینی سۆزو خۆشەویستی مامۆستایان بۆقوتابیان و بنیادنانی کارلێکی کۆمەڵایەتی ئەرێنی خزمەتێکی گەورە بەئایندەی سەرمایەی مرۆیی کۆمەڵگە دەکات.

## 2.3 ئامانجەکانی توێژینەوەکە

أ-زانینی ئاستی فۆبیای کۆمەڵایەتی لای یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە.

ب-زانینی جیاوازی فۆبیای کۆمەڵایەتی بەپێی: جۆری کۆمەڵایەتی(نێرو مێ)؛ لقی خوێندن(زانستی و وێژەیی)؛ جۆری قوتابخانە(حکومی و ناحکومی)؛ ئاستی بژێوی(هەژار، مام ناوەند، بەرز)دا.

## 2.4 پێناسەی چەمکە سەرەکییەکان

فۆبیای کۆمەڵایەتی (Social phobia):

پێناسەی: DSM-5 (2014) فۆبیای کۆمەڵایەتی( Social Phobia or Social Anxiety Disorder) ترس یان دڵەڕاوکێیەکی زیاد لەپێویستە لەبارەی هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتییەوە کە تێیدا تاك وادەزانێت لەلایەن کەسانی ترەوە چاودێری ورد دەکرێت، وەك کارلێکی کۆمەڵایەتی:(گفتوگۆکردن، یان چاوپێکەوتن لەگەڵ خەڵکانی نەناسراو) یاخود(خواردن و خواردنەوە) یان پێشکەشکردن لەبەرامبەر کەسانیتر (وەك پێشکەشکردنی وتارێك)(DSM-5، 2014).

پێناسەی کارڕایی ئەزمونی بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی: توێژەر بۆپێناسەی کارڕایی ئەزمونی پشت دەبەستێت بە پێناسەکەی(DSM-5، 2014).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێناسەی کارڕایی پێوەری بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی: بریتییە لەکۆی ئەونمرەیەی کە یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە بەدەستی دەهێنن لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی بڕگەکانی پێوەری فۆبیای کۆمەڵایەتییەوە، کە توێژەر پشتی پێ دەبەستێت بۆئەومەبەستە.

### 2.5 سنوری توێژینەوەکە:

سنوری شوێنی: مەیدانی توێژینەوەکە، قوتابخانە ئامادەییە ئاساییە حکومی و ناحکومییەکانی ناوەندی شاری هەولێر؛ سنوری کاتی: لە2-4-2022 تاکو 21-4-2022. توانراوە سەردانی قوتابخانەکان بکرێت بۆ کۆکردنەوەی داتاو دابەشکردنی پێوەرەکان؛ سنوری مرۆیی: قوتابیانی پۆلی یازدەیەمی ئامادەیی بۆخوێندنی ساڵی(2022-2021).

## 3. ئاراستەی تیۆری فۆبیای کۆمەڵایەتی:

زانایان و تیۆرڤانانی کۆمەڵایەتی و دەرونی چەندین تیۆر و بۆچونیان خستۆتەڕو بۆتێگەیشتن لە فۆبیای کۆمەڵایەتی، هەر تیۆرڤانێك لەگۆشەنیگایەکەوە و بەپێی بەدواداچونەکانی خۆی لێکدانەوەی کردووە بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی. وەك: تیۆری مەعریفی بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی(کەچەندین بۆچون و مۆدێلی جیاوازلەخۆدەگرێت)؛ تیۆری مەعریفی ڕەفتاری بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی؛ تیۆری هۆکارە مەعریفییەکان کە بەشدارن لەبەردەوام بونی فۆبیای کۆمەڵایەتیدا (عدوي، 2011: 491)تیۆری نێوان کەسەکان بۆفۆبیای کۆمەڵایەتی و چەندین تیۆریتر خراونەتەڕوو. لێرەدا تەنها تیۆری ئەلیس بۆفۆبیای کۆمەڵایەتی دەخەینەڕوو.

تیۆری ئەلبێرت ئەلیس[(2)] (Albert Allis, 2007-1913)ناسروا بە(A B C)

[(2)] دامەزرێنەر و سەرۆکی پەیمانگای ئەلبێرت ئەلیس بۆ چارەسەری ڕەفتاری هەڵچونی عەقڵانیی بوو لەنیویۆرك، خاوەنی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرابوو لە دەرونزانی کلینیکی لەزانکۆی کۆلۆمبیا؛ دەیان پۆستی ئیداری و مامۆستاو سەرۆکی بەش بووە، بۆماوەی(60)ساڵ چارەسەرکاری دەرونی بووە، لەهەمانکاتدا ئەندامی کۆمەڵەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تیۆری ئەلیس(چارەسەری عەقڵانی هەڵچونی ڕەفتاری) بەتیۆری(A B C)[3] ناسراوە، (A) واتە ئەوهەڵوێست و ڕوداوانەی تاك تێیدادەژی(ژینگەی کۆمەڵایەتی)، بەڵام ڕوداوەکان ڕاستەوخۆ کاریگەری دروستناکەن لای تاك؛ (B)واتە بیرکردنەوەو تێڕوانینەجیاوازەکان یان نالۆژیکییەکان دەربارەی ئەوڕوداوە، هەربیرکردنەوەو بیروباوەڕێك کە تاك پێکی دەهێنێت دەربارەی ئەوڕوداو ئەزمونانە وەك هەستکردن بە سەرکۆنەکردن وبێزاری و خەمباری و دەرەنجامە ناتەندروستەکان؛ (C) واتە ئەنجام(هەڵچونی و ڕەفتاری )، هەستکردن بە گوناە و تورەبون خەمۆکی ( O'Kelly and Collard, 2015: 5؛ الوردة، 2010: 56)

پەرەپێدانی ئەم تیۆرە بۆیەکەم جار لەلایەن(Albert Ellis) بوو، لەساڵی(1950) ( O'Kelly and Collard, 2015: 1). ئەلیس بۆیەکەمجار وەك چارەسەرکارێکی خێزانی دەرکەوت دواتر گرنگی پێدانەکانی گواستەوەبۆ شیکاری دەرونی بەڵام وازی هێنا لەشیکاری دەرونی و باوەڕی وابوو کە ئامانجەکان ناپێکێت و کارانییە، بۆماوەیەکیش شێوازی ڕەفتاری مەرجی بەکارهێنا، بەڵام بەهۆی بەدواداچونەکانی بۆی دەرکەوت کە سەرچاوەی سەرەکی کێشەکان ڕەفتارنییە بەڵکو بەهۆی تێڕوانینەکانی تاکەوە بۆڕوداوەکان و ڕەفتارە جیاوازەکانەوەیە(سالمي و سعدالله، 2022: 163).

ئەلیس ئاماژەبەوەدەکات بۆتیۆرەکەی سودی لەتێڕوانینی هەندێ لەفەیلەسوفە پێشینەکانی وەك( Marcus Aurelius) Epictetusوەرگرتووە(Ellis, 1991: 140) ناواخن و گریمانەی سەرەکی تیۆری(Ellis)، کەلەسەرەتای کتێبەکەی ختسویەتییە ڕوو دەڵێت: خەڵکی بەشێوەیەکی سەرەکی لەژیانیاندا لەسەر بنەمای ئەو بەهاو بیروباوەڕەی هەڵیانگرتووە ڕەفتاردەکەن، واتە

---

ئەمریکی بووە بۆدەرونزانی، جگەلەوەی خاوەنی تێزی چارەسەری عەقڵانی مەعریفی ڕەفتارییە( Ellis, 2002: np) تائەوکاتەی لەتەمەنی(93)ساڵی وەفاتیکردووە (80)کتێب و (800)وتاری زانستی نوسیوە( O'Kelly and Collard, 2015: 2)

[3] بۆنمونە: هەڵوێستێکی وروژێنەر: هەفتەی داهاتو سیمنارێك پێشکەشدەکەم، A: ڕەنگە لەکاتی سیمنارەکە مێشکم بەتاڵ بێتەوەو هیچ نەزانم و وەك هیچ نەزانێك دەربکەوم! B: پێویستە مێشکم بەتاڵ نەبێتەوە، ئەگەر ئەمە ڕویدا ئەوە بۆ ئامادەبوان دەردەکەوێت کەمن هیچ نەزانم! C: دڵەڕاوکێ و ئامادەگییەکی زیاد لەپێویست!(Neenan and Dryden, 2006: 2)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تێڕوانینیان بۆڕوداوەکان ئاراستەیان دەکات؛ دواتر دەڵێت: ئەم تیۆرە پێی وایە خەڵکی لەڕوی هەڵچونی و ڕەفتارییەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کارلێك لەگەڵ ئەوڕوداوانەدا ناکەن لەژیانیاندا ڕودەدات بەڵکو کاردانەوەکانی تاك(هەڵچونی و ڕەفتاری) لەگەڵ شێوازی ڕاڤەکردن و لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی ئەوڕوداوانەدایە کەپێیدا تێدەپەڕن و ئەزمونی دەکەن( Ellis and Grieger, 1977: 3).

ئەم تیۆرە ئاماژە بەکۆمەڵێك هۆکاری تردەکات وەك:( ئامادەگییە بۆماوەیی و بایۆلۆجییەکانی تاك؛ فێربونە کەسی و کۆمەڵایەتییەکان لەڕابوردوو؛ بنەڕەتەکانی مێژوی ژیانی تاکەکەس؛ ئەوخو و عادەتانەی وەریگرتووە)، ڕۆڵیان هەیە لە چالاککردنی شڵەژانەکان، ئەوچالاککەرانەش لەشێوەی ڕوداوەکانی ئێستاو ڕابوردو وبیرکردنەوەو هەڵچون و ڕەفتارەکانی تایبەت بەتاك دەردەکەون، دەکرێت ئەم ڕوداوانە لەقۆناغی هەستی یان نەستی(الوعی واللاوعی)بن دەربارەی ڕوداوکانی ڕابوردو، بەزۆریش مرۆڤ ئارەزوی وەڵامدانەوەی ئەوڕوداوە چالاك کەرانەی هەیە(العاسمي، 2015: 45)

## گریمانەکانی ئەلیس:

یەکەم/ لەنێوان بیرکردنەوەو هەڵچونەکاندا پەیوەندییەکی بەهێز هەیە؛ دووەم/پلەی پەیوەندی لەنێوان بیرکردنەوەو هەڵچونەکان لەهێزەوەیە بەجۆرێك هەریەکەیان هاوشانی ئەویتریانە، کاریگەری لەیەکتری دەکەن، لەهەندێك کاتیشدا دەبنە یەك شت؛ سێیەم/هەردوو بیرکردنەوەو هەڵچون لەشێوەی گفتوگۆی خودی و دەربڕینی ناوخۆیی دەردەکەون، ئەم جۆرە لە گفتوگۆ خودییە هەمان بیرکردنەوەو هەڵچونیانە، لەهەمانکاتدا دەربڕینە خودییەکان خەڵکی دەیڵێن بەزمانێکی بێدەنگ بۆخودی خۆیان توانای دروستکردن و ڕاستکردنەوەی هەڵچونەکانی هەیە(الشناوي، 1996: 390)

بەپوختی ئەم تیۆرە پێی وایە ئەوەی تاك لەژیانیدا ڕوبەڕوی دەبێتەوە لە باش و خراپ، دەرەنجامی بیرکردنەوەی خۆیەتی، ئەگەر بەشێوەیەکی ئەرێنی و عەقڵانی بیریکردەوە دەرەنجامەکەی ئەرێنی دەبێت و ئەگەربەشێوەیەکی نەرێنی و ناعەقڵانی لێکدانەوەی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆڕوداوەکانکرد ئەوە دەرەنجامەکەی نەرێنی دەبێت بۆتاك. لەنێویشیاندا فۆبیای کۆمەڵایەتی دەرەنجامی خراپ لێکدانەوەیە بۆتواناکانی خودی خۆی و لێکدانەوەی ڕوداوەکانی ڕابوردو و ئێستا هۆکار و ئەنجامەکانە هەڵچونی و ڕەفتارییەکانیەتی.

## 4. میتۆدی توێژینەوەکەو کارڕاییەکانی

لەم بەشەدا بەوردی پرۆسەی کارڕاییەکانی توێژینوەکە و دیاریکردنی کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوەکەو چۆنێتی کۆکردنەوەی داتاو بەکارهێنانی ئامرازی ئامارگریمان خستۆتەڕو.

**4.1 میتۆدی توێژینەوەکە**: میتۆدی وێنایی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەنمونە:

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وێنایی شیکارییە. کەتێیدا پشت دەبەستین بە میتۆدی وێنایی-ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەنمونە، چونکە پێمان وایە میتۆدی وێنایی بەوردی تیشك دەخاتەسەر ڕەهەندە جیاوازەکانی توێژینەوەکەو گونجاوە لەگەڵ ئامانجەکانی توێژینەوەکەماندا.

**4.2 کۆمەڵگەی توێژینەوەکە**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان پێکدێت لە قوتابیانی پۆلی یازدەیەمی ئامادەیی ناوەندی شاری هەولێر کەژمارەیان(10475) قوتابییە لەقوتابخانەکانی خوێندنی کوردی نێوشاری هەولێر، هەروەك لەخشتەی(1) خراوەتە ڕوو.

خشتەی (1)

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە (قوتابیانی پۆلی 11) ڕون دەکاتەوە(ب.پەروەردەی ناوەندی هەولێر،2022).

| لقی زانستی \ ڕەگەز | | کچ | کوڕ | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| حکومی | زانستی | 3929 | 3137 | 7066 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 2481 | 1523 | 958 | ویژەیی | |
| 9547 | 4660 | 4887 | کۆی گشتی | |
| 893 | 893[4] | | زانستی | ناحکومی |
| 35 | 35 | | ویژەیی | |
| 10475 | کۆی گشتی | | | |

### 4.3 نمونەی توێژینەوەکە:

جۆری نمونەی توێژینەوەکەمان پێکدێت لە نمونەی گریمانەیی(العینات الاحتمالیة- Probability Sampling). بۆ هەڵبژاردنی قوتابخانەکان لەناوەندی شاری هەولێر، کە بەشێوەیەکی ئاسایی پێکدێت لە(شەش) شارەوانی، لەهەر شارەوانییەك بەشێوەی هەرەمەکی سادە قوتابخانەیەکی ئامادەیی حکومی دیاریکراوە بۆ توێژینەوەکە؛ دواتر دوو قوتابخانەی دواناوەندی و دوو قوتابخانەی ناحکومی دیاریکراون بەهەمان سیستم.

بۆدەستنیشانکردنی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی(نمونەی هەڕەمەکی بەشی ڕێژەیی-العینات العشوائیة الحصصیة-Quata Sample)، چونکە کۆمەڵگەی توێژینەوە پێکدێت لە:ڕەگەز، جۆری قوتابخانە، جۆری خوێندن، بەپێی ڕێژەی خۆی یەکەیان لێوەرگیراوە کەنوێنەرایەتیان دەکات، لەبەر ئەوە پرۆسەی دیاریکردنەکە بەشێوەی جۆری دەبێت.

**4.4 قەبارەی نمونە،** پێوەرەکەمان دابەشکردووە بەسەر(400)[5] یەکە، دوای لابردنی(40)فۆرم کەزانیارییەکانیان تەواونەبوو، وەك لەخشتەی(2)دیارە.

---

[4] دوای سەردانیکردم بۆلایەنی بەرپرسیار لە ئاماری قوتابخانە ناحکومییەکان، تەنها توانیم ژمارەی قوتابیانی هەرقوتابخانەیەك بەجیاوەربگرم، داتایەکی ورد و جیاکراوە نەبوو تابتوانین وەك قوتابخانە حکومییەکان بیخەینە ڕوو.

[5] سەبارەت بەقەبارەی نمونەی دیراسەکراو بۆچونی زانایان(کرێجسی و مۆرگان)( Krejcie and Morgan, 1970 cited in Sekaran, 2003: 294) مان پێ پەسەندبوو، کە باوەڕیان وایە کۆمەڵگەی توێژینەوە یەك ملیۆن(1000000) کەسیش بێت بەوەرگرتنی(384) یەکە بەرێژەی(95%) نزیك دەبێتەوە لەڕاستی و (0.05) هەڵەدەکەیت. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە(400)یەکەمان وەرگرتووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی (2) نمونەی هەڵبژێردراو

| ژ | ناوی قوتابخانە | گەڕەک شارەوانی | کۆی گشتی قوتابی | زانستی | | ویژەیی | | نمونە | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | کوڕ | کچ | کوڕ | کچ | زانستی | | ویژەیی | |
| | | | | | | | | کوڕ | کچ | کوڕ | کچ |
| 1 | ئا/ شارستانی کچان | نەورۆز6 | 116 | | 68 | | 48 | | 23 | | 17 |
| 2 | ئا/ هەڵمەتی کوڕان | شۆڕش2 | 117 | 71 | | 46 | | 25 | | 16 | |
| 3 | ئا/ بیری کچان | کاریزان4 | 70 | | 42 | | 28 | | 15 | | 10 |
| 4 | ئا/شکۆداری تێکەڵ | کۆماری5 | 259 | 127 | 132 | | | 44 | 45 | | |
| 5 | ئا/ زۆزکی کوڕان | هەولێری نوێ3 | 177 | 116 | | 61 | | 40 | | 21 | |
| 6 | ئا/میدیای کچان | 30 مەتری 1 | 137 | | 96 | | 41 | | 33 | | 13 |
| 7 | د.نیگای کچان | شارەوانی | 90 | | 70 | | 20 | | 24 | | 7 |
| 8 | د.ئیتالی دوی تێکەڵ | ئیتالی2 | 59 | 18 | 32 | 3 | 6 | 6 | 11 | 3 | 3 |
| 9 | ك/ گەورە ناحکومی | - | 52 | 23 | 29 | | | 8 | 10 | | |
| 10 | فێنکی ناحکومی | - | 38 | 20 | 11 | 7 | | 12 | 8 | 6 | |
| | کۆی گشتی | | 1115 | 375 | 480 | 117 | 143 | 135 | 169 | 46 | 50 |
| | | | | | | | | 400 | | | |

## 4.5 تایبەتمەندی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە:

لەخشتەی(3) تایبەتمەندیی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو:

خشتەی(3) تایبەتمەندی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە:

| گۆڕاو | | ژمارە | ڕێژە% | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ئاستی بژێوی | بەرز | 31 | 7.8 | 400 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | ناوەند | 355 | 88.8 | |
| | هەژار | 14 | 3.5 | |
| رەگەز | نێر | 181 | 45.25 | 400 |
| | مێ | 219 | 54.75 | |
| جۆری قوتابخانە | حکومی | 356 | 89 | 400 |
| | ناحکومی | 44 | 11 | |
| پسپۆڕی | زانستی | 304 | 76 | 400 |
| | وێژەیی | 96 | 24 | |

لەخشتەی(3)دەردەکەوێت کە (31)یەکە ئاستی بەرزی بژێویان هەیە و ڕێژەکەی( 7.8%)دەبێت؛ بەڵام(355)یەکە ئاستی ناوەندیان هەیە و ڕێژەکەی(88.8%)دەبێت، چینی هەژار(14)یەکە بەرێژەی(3.5%)دەکات. تایبەت بەرەگەز: (181) لەرەگەزی نێربوون بەرێژەی(45.5%)، وە(219)یەکە لەرەگەزی مێ بوون بەرێژەی(54.75%)؛ جۆری قوتابخانە: حکومی(356) بەرێژەی(89%) وە ناحکومی(44)بەرێژەی (11%) بوون؛ تایبەت بەلقی خوێندن: زانستی(304) یەکە بەرێژەی(76%) هەروەها وێژەیی(96) بەرێژەی(24%)بوون.

### 4.6 ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

پێوەر(scale): بێگومان بۆتوێژینەوەکەی ئێمە یەکێك لەگونجاوترین ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری پێوەرە. بۆ پێوانە کردنی فۆبیای کۆمەڵایەتی پشتمان بەئامادەکردنی یەك پێوەربەستووە.

**برگەکانی فۆبیای کۆمەڵایەتی، Social phobia Items:**

دوای تاوتوێکردنی چەندین توێژینەوەی پەیوەست بە فۆبیای کۆمەڵایەتی، سودمان لەبڕگەکانی پێوەری ئەم توێژەرانە وەرگرتووە: (الرقاد، 2017؛ الحمد، العوهلی و حمیدان، 2016؛ رضوان، 2001؛ Safren et al, 1998; Mattick and Clarke, 1998; Ali, Kareem and Al-Banna,2016;)، لەئەنجامدا(32)بڕگەمان ئامادەکرد.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**مەرجە سایکۆ سۆسیۆمەترییەکانی ئامادەکردنی پێوەر:**

1-ڕاستێتی Validity

ڕاستێتی ڕوکەش Face Validity: بڕگەکانمان خستە بەردیدی(7)پسپۆڕ لەبوارەکانی کۆمەڵناسی و دەرونزانی و دەرونزانی کۆمەڵایەتی، (پاشکۆی1ناوی پسپۆڕان لەخۆدەگرێت)، بەمەبەستی دڵنیابون لەگونجاوی بڕگەکانی پێوەری(فۆبیای کۆمەڵایەتی) پشتمان بە ڕێژەی(80%)بەستووە بۆمانەوەی بڕگەکان، لەژێر ڕۆشنایی بۆچونی پسپۆڕان(2)بڕگە لابران و (30)بڕگە مایەوە، کەمترین نمرە(30) واتە فۆبیای کۆمەڵایەتی بونی نییە و زۆرترین نمرەش(150) واتە فۆبیای کۆمەڵایەتی زۆربەرزی هەیە. کەدابەشبووە بەسەر سێ تەوەردا بەم شێوەیە: خۆلادان لە پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتی؛ خۆلادان لەو چالاکیانەی سەرنجی مامۆستا و قوتابییەکانی لەسەرە؛ کاردانەوە جەستەییەکان. ناوەندی گریمانەکراویش بریتییە لە(90). بڕوانە پاشکۆی(3). لەهەمانکاتدا(5) جێگرەوە دیاریکران بۆ بڕگەکان کەهەمویان نەرێنین:

| هەرگیز | بەدەگمەن | هەندێك جار | زۆرجار | هەمیشە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 2 | 3 | 4 | 5 |

ڕاستێتی بنیادی Construct Validity: دوای دەرهێنانی ڕاستێتی ڕوکەش ڕاستێتی بنیادیمان دەرهێنا، لەم پرۆسەیە سەرجەم بڕگەکان پەیوەستێکی بەهێزیان هەبو، بڕگەکان وەکوخۆیان مانەوە.

جێگیری Reliability

جێگیری بڕگەکانی فۆبیای کۆمەڵایەتی بەرێگەی بەشکردن بۆدوبەش( Split-Half Reliability Confficient): بەپێی هەژماری تاك و جوت، کەبەسەر(30) یەکەی هەرەمەکی لەکۆمەڵگەی توێژینەوەکە دابەشمانکردبوو، دەرکەوت کە پەیوەستی تاقیکردنەوەکەمان دوای ڕاستکردنەوە(تصحیح) بەهاوکێشەی سپێرمان براون جێگیریەکە بریتییەلە:(0.899). وە ڕێکوپێکی ناوخۆیی(الاتساق داخلی-Internal Consistency )بریتییە لە(0.940)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی ژمارە(4)جێگیری بەرێگای بەشکردن بۆدوبەش و ڕیکوپێکی نێوخۆیی نیشان دەدات

| فۆبیای کۆمەڵایەتی | جێگیری بەرێگای: | |
|---|---|---|
| | بەشکردن بۆدوبەش (split-Half) | Cronbach's Alpha |
| | 0.899 | 0.940 |

خشتەی(5) تایبەتمەندی ئاماری فۆبیای کۆمەڵایەتی

| Statistic | |
|---|---|
| Mean | 69.18 |
| Median | 67.96 |
| Mode | 69.00 |
| Variance | 434.482 |
| Std. Deviation | 20.84 |
| Range | 95.75 |
| Skewness | 0.414 |
| Kurtosis | -0.360 |
| Minimum | 31 |
| Maximum | 126 |
| Missing | 0 |

بەتێڕوانین خشتەی(5)دەبینین ناوەندی ژمێرەیی(69.18) و ناوەند(67.96) و مینوال(69.00) زۆرنزیکن لەیەکترییەوە و ئەمەش ئاماژەیە بەبونی دابەشبونی نیمچە سروشتی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە. لەبەرئەوە دەتوانین ئامرازە ئامارگرییە پارامەترییەکان بەکاربهێنین.



گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شێوەی(1) دابەشبونی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە دەخاتە ڕوو.

بەم شێوەیە توانیمان پێوەرێك بۆ پێوانەکردنی فۆبیای کۆمەڵایەتی بۆئەم توێژینەوەیە ئامادەبکەین. (پاشکۆی2 وێنەی کۆتایی پێوەری فۆبیای کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت)

**ئامرازە ئامارگرییەکان:**

تاقیکردنەوەکانی(t) بۆیەك گۆڕاو؛ تاقیکردنەوەکانی(t)بۆ دووگۆڕاوی سەربەخۆ؛ تاقیکردنەوەکانی(ANOVA) بۆ زانینی زیاتر لەدوو گۆڕاو.

## 5. خستنەڕو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان بەپێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

لەم بەشەدا بەوردی و بەپێی داتا کۆکراوەکان ئەنجامەکان و جیاوازی و شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی زانیارییەکان دەخەینەڕوو.

**ئامانجی یەکەم/ زانيني ئاستی فۆبیای کۆمەڵایەتی لای یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە:** دوای دابەشکردنی پێوەری فۆبیای کۆمەڵایەتی بەسەر یەکەکانی نمونە توێژینەوەکەدا، دەرکەوت کە ناوەندی ژمێرەیی فۆبیای کۆمەڵایەتی بریتییە لە(69.18)بەلادانی پێوەری(20.84)، بە بەراوردکردنی بەناوەندی گریمانەکراوی پێوەر کە(90)[6] دەرکەوت کە ناوەندی ژمێرەیی لای یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە بچوکترە، لەکاتی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی(One-sample t-test) بۆیەك گۆڕاو دەرکەوت کە بەهای(t)هەژمارکراو بریتییە لە(66.38) وە بەهای(t) خشتەیی بریتییەلە(1.96) بەبەڵگەی ئاماری ئامازەداری بەئاستی(0.05) بۆبەرژەوەندی ناوەندی گریمانەکراوی پێوەرەکەیە(90) گەورەترە لە(69.18) بەنمرەی ئازادی(399)، هەروەك لە خشتەی (6)ڕونکراوەتەوە:

---

(6) ناوەندی گریمانە= ناوەندی هێزی جێگرەوەکان 3*ژمارەی برگەکانی پێوەرەکە(30) =90

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی (6) تاقیکردنەوەی(One-sample t-test) بۆیەك گۆڕاو بۆزانینی ئاستی فۆبیای کۆمەڵایەتی

| گۆڕاو | ق.نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەکراو | بەهای t-هەژمارکراو | ئاستی ئاماژەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| فۆبیای کۆمەڵایەتی | 400 | 69.18 | 20.84 | 90 | 66.38 | بەڵگەدارە |

لەخشتەی(6)دەردەکەوێت کە ناوەندی ژمێرەیی یەکەکانی نمونە توێژینەوەکە نزیکدەبێتەوە لە(بەدەگمەن) چونکە ئاستی پێوەری فۆبیای کۆمەڵایەتی دەکەوێتە نێوان(30-90) بەجۆرێك (30) واتە فۆبیای کۆمەڵایەتی بونی نییە(90) واتە فۆبیای کۆمەڵایەتی زۆربەرزە. ئەم ئەنجامەش دەری دەخاتە کە ئاستی فۆبیای کۆمەڵایەتی بەراورد بەکۆمەڵگەی توێژینەوەکە نزمە لای یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە و لەسنوری بەدەگمەندایە.

بۆزیاتر وردبونەوەو دڵنیابون لەڕێژەی فۆبیای کۆمەڵایەتی لای یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە ڕێژەی بەرزی و نزمیمان دیاریکرد لەخشتەی(7) ئەنجامەکەی خراوەتەڕوو:

خشتەی(7) ڕێژەی توشبون بەفۆبیای کۆمەڵایەتی دەخاتە ڕوو

| گۆڕاوەکان | ناوەندی گریمانەکراو | ژمارە | | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|
| فۆبیای کۆمەڵایەتی | 90 | 90 +<br>90 - | 67<br>333 | 16.75(1)<br>83.25(2) |
| کۆ | | | 400 | %100 |

(1) 16.75 =100*400/67.
(2) 83.25=100*400/333.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەخشتەی(7)دەردەکەوێت ڕێژەی توشبون بەفۆبیای کۆمەڵایەتی لەلای یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە بریتییەلە(16.75%)، واتە ئەو قوتابیانەی ناوەندیان زیاترە لە(90) یەکسانەبە(67)بەڕێژەی(16.75%) لەکاتێکدا ئەو قوتابیانەی ناوەندیان بچوکترە یان یەکسانەبە(90)بریتین لە(333)قوتابی بەڕێژەی(83.25%)لەیەکەی نمونەکە.

ئەمەش والێکدەدرێتەوە وێڕای ئەوەی خێزانی کوردی هوشیارانەتر مامەڵە لەگەڵ منداڵەکانیان دەکەن، لەهەمانکاتیشدا قوتابخانەکان تاڕادەیەك ژینگەی لەباریان ڕەخساندووە بۆقوتابیان بۆئەوەی لەڕوی دەرونی و کۆمەڵایەتییەوە گەشەبکەن و جۆرێك لەباوەڕبەخۆبونیان لادروست بێت. هەرچەندە بەشێك لەقوتابیان لەمیانی چاوپێکەوتنەکانمان، ئاماژەیان بەچەندین دیاردەی نادروستی توندوتیژی زارەکی و ڕەفتاری دەکردەوە لەلایەن هەندێك لەمامۆستا و بەڕێوەبەرەکانەوە، وەك جنێودان و خەمساردی و گرنگی نەدان بە وانەکانیان و هاوارکردن و ڕەچاونەکردنی باری دەرونی و کۆمەڵایەتی قوتابییەکانیان.

بەپێی ئەم ئەنجامەش دەتوانین بڵێین فۆبیای کۆمەڵایەتی لای یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە لەئاستێکی نزمدایە بەراورد بەتوێژینەوەکانی پێشوو، ئەمەش نزیك ئەنجامی توێژینەوەی:(میدون و هتهات، 2022)[8] کەدەڵێن ڕێژەی فۆبیای کۆمەڵایەتیی لای قوتابیانی زانکۆ(23.75%) دەبێت.

لەکاتێکدا ئەم ئەنجامە پێچەوانەی توێژینەوەی:(Gardi, 2016) کە ئاستی فۆبیای کۆمەڵایەتی بەرزە لای قوتابیانی ئامادەیی لەنێوشاری هەولێرو دەگاتە(31.25%)، هەروەها توێژینەوەی(Ali, Kareem and Al-Banna, 2016)کەلە سەر قوتابیانی زانکۆ کردبویان، ئاماژە بەئاستێکی زۆربەرزی فۆبیای کۆمەڵایەتی دەکات زیار لەنیوەی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکەیان فۆبیای کۆمەڵایەتیان هەبووە. لەهەمانکاتدا توێژینەوەی(ابريعم، 2016)،

---

[8] ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بەراورد کراوە بەئەنجامی چەند توێژینەوەیەکی تر(لەکات و جێگەی جیاواز)بەڵام ئەو توێژینەوانە لەلایەنی تیۆری نەخراونەتەڕوو، تەنها ئەنجامەکانی بەراورد دەکەین لەگەڵ ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەنجامی توێژینەوەکەیان ئاماژە بە ئاستێکی ناوەند دەکات لە فۆبیای کۆمەڵایەتی لای هەرزەکاران.

دەکرێت جیاوازی ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو کەلەشاری هەولێر ئەنجامدراوەو ئەم توێژینەوەیە لە ئاستی فۆبیای کۆمەڵایەتی بۆئەوە بگەڕێتەوە ئەوقوناغەی ئەو دوو توێژینەوەیەی تێدا ئەنجامدراوە قۆناغێکی سەختی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی کۆمەڵگەی کوردی بوو بەگشتی لەکوردستانی باشور، لەبەر سەرهەڵدانی قەیرانی جەنگی(داعش) لە مانگی(6-2014 تا مانگی12-2017)خایاند، کەبەشێکی زۆری خاکی عێراقی خستە ژێر فەرمانڕەوایی خۆیەوەو بویەهۆی لێشاوێك لەئاوارەو پەنابەر، لەهەمانکاتدا پەنابەر و ئاوارەیەکی زۆر ڕوویان لەهەرێمی کوردستان کرد لەلایەك و لەلایەکیتریشەوە سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی بەهۆی بڕینی بەشەبودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە دۆخێکی سەختی ژیان ڕوی لەهەرێمکرد و دەرفەتی کارکردن و ژیان لەدۆخێکی سەختدابو، دەرفەتی کارکردن بەتەواوی کەم بویەوەو موچەی فەرامنبەران بەنزیکەیی بۆ سێ یەك کەم بویەوە، جگە لە دواکەوتن بەشێوەیەکی بەردەوام لەوادەی خۆی موچەنەدەدرا؛ بێگومان ئەم دۆخە پێش هەموشتێك کاریگەری کۆمەڵایەتی و دەرونی گەورەی هەبو لەسەر تاك و خێزان و کۆمەڵگە. ئەگەرچی قەیرانی دارایی تاکو ئێستاش بەتەواوی بەرۆکی کۆمەڵگەی کوردی لەهەرێمی کوردستانی بەرنەداوە. لەلایەکیترەوە توێژینەوەیەك لەهەرێمی کوردستان گەیشتووە بەوئەنجامەی کە قەیرانەکان یەکێکن لەهۆکارە کاریگەرەکانی دورکەوتنە لەخوێندن بەتایبەتیش لای ڕەگەزی نێر (Sulayman and Ahmed, 2021:352)

ئەمە جگەلەوەی ئەنجامی توێژینەوەکان دەریانخستووە ئەوکەسانەی فۆبیای کۆمەڵایەتیان هەیە دڵەڕاوکێی زیاتریان هەیە و کارامەیی کۆمەڵایەتیان لاوازە لەکاتی کارلێکی کۆمەڵایەتیاندا(Heiser, 2004: 56)، لەهەمانکاتدا توێژینەوەکان سەلماندویانە هاوشانی فۆبیای کۆمەڵایەتی شڵەژانی دەرونی تری لەگەڵدایە، سەلمێنراوە بەڕێژەی(69%) ئەوکەسانەی فۆبیای کۆمەڵایەتیان هەیە لەهەمانکاتدا شڵەژانی دەرونی تریان هەیە(وردة، 2010: 34)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەگەرچی فۆبیای کۆمەڵایەتی بەزۆری لەسەرەتای قۆناغی هەرزەکاری سەرهەڵدەدات، بەڵام ڕێژەی توشبوان لای یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە بەراورد بەکۆمەڵگەی توێژینەوە نزمترە، لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی ڕێژەی توشبوان ئەو ڕێژەیەش جێگای سەرنجەو پێویستە ڕێگەچارەی گونجاو بگیرێتەبەر بۆئەوەی ئەوڕێژەیەش کەم بکرێتەوە.

ئەلیس(Albert Allis) تیۆرڤانی تیۆری(چارەسەری عەقڵانی هەڵچونی ڕەفتاری)پێی وایە: ئەوەی کاریگەری لەسەر تاك هەیە بۆئاسودەیی و نیگەرانییەکانی بیرکردنەوەکانێتی، واتە تێڕوانین و لێکدانەوەی بۆڕوداوەکان وادەکات کاریگەری هەڵچونی و ڕەفتاری لەسەرتاك هەبێت، ئەگەربەشێوەیەکی عەقڵانی بیریکردەوەو لێکدانەوەی بۆڕوداوەکانکرد ئەوە ئەنجامەکەیشی ئەرێنی دەبێت و ئەگەر بەشێوەیەکی ناعەقڵانی لێکدانەوەی بۆڕوداوەکانکرد ئەوە ئەنجامەکەی نەرێنی دەبێت و تاك توشی شڵەژانە دەرونییەکان دەکاتەوە. ئەمەش پەیوەندی هەیە بە چۆنێتی پەروەردەی سەرەتایی تاك لەنێوخێزان و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ئەگەر پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی تاك لەسەرەتاکانی ژیانیدا عەقڵانی بێت ئەوە بەعەقڵانی مامەڵە لەگەڵ ڕوداوەکاندا دەکات و ئەگەر بەشێوەیەکی ناعەقڵانیش تێڕوانینی تاك بۆڕوداوەکان پەروەردەکرابێت بەشێوەیەکی ناعەقڵانی مامەڵە لەگەڵ ڕوداوەکان دەکات. واتە ڕوداوەکان کاریگەری لەسەر تاك نابێت بەڵکو لێکدانەوەی ڕوداوەکان لەلای تاك کاریگەری هەڵچونی دروست دەکات و دەبێتەهۆی سەرهەڵدانی فۆبیای کۆمەڵایەتی لای تاك، هەرئەم جیاوازییەشە بەشێك لە دانیشتوانی هەمان کۆمەڵگە توشی فشارە دەرونییەکان دەبن و بەشێکیتریشیان زۆرینەن توشنابن.

ئێمە پێمان وایە شێوازی ژیان و بەتایبەتی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و پەروەردەی نادروستی باوان و خێزانەکان لەلایەك و بەکارهێنانی توندوتیژی زارەکی و بەکارهێنانی دەستەواژەی ناپەروەردەیی لەلایەن بەشێکی کەم لەمامۆستایانەوە بەپلەی یەکەم و ئەزمونی تاکەکەس بەپلەی دووەم هۆکارن بۆ توشبون بەفۆبیای کۆمەڵایەتی.

بەم شێوەیە گەیشتین بەئامانجی یەکەممان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەلەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ئامانجی دووەم/** زانینی جیاوازی فۆبیای کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە: جۆری کۆمەڵایەتی(نێرو مێ)؛ لقی خوێندن(زانستی و وێژەیی)؛ جۆری قوتابخانە(حکومی و ناحکومی)؛ ئاستی بژێوی(هەژار، مام ناوەند، بەرز)دا.

أ-زانینی جیاوازی فۆبیای کۆمەڵایەتی بەپێی جۆری کۆمەڵایەتی(نێرو مێ)؛ بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی تاقیکردنەوەکانی(Independent Sample t-test) بۆدوگۆڕاوی سەربەخۆمان بەکارهێنا ئەنجامەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە بوون کەلەخشتەی(8) خراوەتەڕوو:

خشتەی(8)جیاوازی بەپێی جۆری کۆمەڵایەتی بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی دەخاتەڕوو:

| فۆبیای کۆمەڵایەتی | جۆری کۆمەڵایەتی | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای t هەژمارکراو | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | 68.66 | 20.77 | 0.427 | بەڵگەدارنییە |
| | مێ | 69.55 | 20.92 | | |

لەم خشتەیە(8)دەردەکەوێت جیاوازی نییە بەپێی ڕەگەز(نێر و مێ) بۆفۆبیای کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی نمرەی گشتی پێوەری فۆبیای کۆمەڵایەتی. هەرچەندە لەوانەیە جۆرێك جیاوازی بەدی بکرێت لەپێکهاتەی (کاردانەوە جەستەییەکان) لەبەرژەوەندی ڕەگەزی مێ، ئەمەش ڕەنگە بۆسروشت و تایبەتمەندی ڕەگەزی مێ بگەڕێتەوە کە ناتوانن هەست و سۆز و کاردانەوەکانیان بشارنەوەو کاردانەوە جەستەییەکانیان دەردەخەن، ئەمەش زۆرجار لەناوەندە کۆمەڵایەتییەکان بەدی دەکرێت کاتێك نێرو مێ هەمان دیمەنی تراژیدی دەبینن ڕەگەزی مێ بەخێرایی فرمێسکەکانی نیشان دەدات پێچەوانەی ڕەگەزی نێر کە دەیشارێتەوە.

توێژەران نەبونی جیاوازی نێوان نێرو مێ بۆفۆبیای کۆمەڵایەتی دەگەڕێننەوە بۆ سروشتی کۆمەڵگەی کوردی لەئێستادا کە جیاوازییە ڕەگەزییەکان زۆر کاڵبونەتەوە لەکاتی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کە تاك تێدیا نەش و نما دەکات و کەسایەتی لەوقۆناغەدا ڕەنگرێژی دەکرێت تاك فێری ڕەفتاری کۆمەڵایەتی دەبێت تێیدا، لەهەمانکاتدا قوتابخانەکان بەیەك شێواز

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەروەردەی کچان و کوڕان دەکەن، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی جیاوازییە ڕەگەزییەکان کەمتربببێتەوە.

ئەم ئەنجامەش هاوتەریبی ئەنجامی توێژینەوەی:(ابريعيم، 2016)، و (الرقاد، 2017)، ئەنجامی توێژینەوەکانیان دەریانخستووە کە هیچ جیاوازییەك نییە لەفۆبیای کۆمەڵایەتی لەسەر نمرەی گشتی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز لەفۆبیای کۆمەڵایەتیدا.

بەڵام کاتێکیش دەبینین ئەم ئەنجامە جیاوازە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی(Gardi, 2016) کە ئاماژەی بەوەکردووە جیاوازیی هەیە لەبەرژەوەندی کوڕان و لای کوڕان فۆبیای کۆمەڵایەتی زیاترە بەراورد بەکچان، ڕەنگە ئەمەش بۆ ئەوقۆناغە بگەڕێتەوە کە توێژینەوەی گەردی تێدا ئەنجامدراوە سێ قەیران بەرۆکی کۆمەڵگەی کوردی گرتبوو: هاتنی(داعش)؛ قەیرانی دارایی؛ قەیرانی سیاسی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندی. دیارە لەکۆمەڵگەی کوردیدا تائەم ساتەوەختەش ڕەگەزی نێر بەرپرسیارێتییەکانی خێزانی زیاتر لەئەستۆدایە و خەمی بژێوی و پاراستنی خێزان لەکێشەکان وای لێکردوون زیاتر کاریگەربن بەتایبەتی قەیرانی دارایی لەوسەردەمەدا پرۆکێنەربووا!

لەهەمانکاتدا توێژینەوەی(رفاعی، مظلوم و الطنطاوي، 2018)، پێیان وایە جیاوازی هەیە لەفۆبیای کۆمەڵایەتی لەبەرژەوەندی کچان؛ (وردة، 2010) و (ميدون و هتهات، 2022) ئەنجامی توێژینەوەکەیان دەریخستووە کە جیاوازی کرۆکی هەیە لەنێوان نێرومێ لەفۆبیای کۆمەڵایەتی لەبەرژەوەندی کچان. ئەمەش ڕەنگە بۆسروشتی جیاوازییە کولتورییەکانی نێوان کۆمەڵگەی کوردی لەئێستادا و کۆمەڵگەکانیتر دەگەڕێتەوە کەئەوتوێژینەوانەیان تێدا ئەنجامدراوە.

لەلایەکیترەوە هەندێك لەتوێژەران ئاماژەیان بەوەکردووە ڕەنگە بەرزی ئاستی فۆبیای کۆمەڵایەتی لەهەندێك لەتوێژینەوەکاندا بۆئەوە بگەڕێتەوە ڕەگەزی مێ زیاتر ئاماژە بەترس لەسەریان دەردەکەوێت بەراورد بەڕەگەزی نێر(ميدون و هتهات، 2022: 640)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ب-زانینی جیاوازی فۆبیای کۆمەڵایەتی بەپێی جۆری قوتابخانە(حکومی و ناحکومی) بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی تاقیکردنەوەکانی(Independent Sample t-test) بۆدوگۆڕاوی سەربەخۆمان بەکارهێنا ئەنجامەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە بوون کەلەخشتەی(9) خراوەتەڕوو:

خشتەی (9)جیاوازی بەپێی جۆری قوتابخانە بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی دەخاتەڕوو:

| فۆبیای کۆمەڵایەتی | جۆری قوتابخانە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای t هەژمارکراو | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| | حکومی | 69.48 | 20.68 | 0.516 | بەڵگەدارنییە |
| | ناحکومی | 68.20 | 21.44 | | |

بەوردبونەوە لەمخشتەیە(9)ڕوندەبێتەوە کە جیاوازی نییە لەفۆبیای کۆمەڵایەتی بەپێی جۆری قوتابخانە(حکومی و ناحکومی).

توێژەران وای بۆدەچن کە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە زۆرنزیکن لەیەکەوە و تایبەتمەندییە کولتوری و ژیاری و نەریتییەکان تاڕادەیەکی زۆر هاوبەشن، تەنها جیاوازی لەوردەکارییە کولتورییەکاندا ڕەنگە بەدی بکرێت، ئەمەش هۆکارە بۆ نەبونی جیاوازی لەفۆبیای کۆمەڵایەتی لای یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە.

لەلایەکیترەوە تیۆری ئەلیس بۆفۆبیای کۆمەڵایەتی، پێی وایە یەکێك لە هۆکارەکانی فۆبیای کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە بۆئەزمونە پێشینەکانی ژیانی تاکەکەس و کاریگەرییەکانی سەردەمی منداڵی، ڕەنگە ئەوڕێژەیە لەبونی فۆبیای کۆمەڵایەتی بگەڕێتەوە بۆشێوازی پەروەردەی سەرەتایی خێزان و ئەزمونی تاکەکەس لەقۆناغەکانی ژیانیدا.

ج-زانینی جیاوازی فۆبیای کۆمەڵایەتی بەپێی لقی خوێندن(زانستی و وێژەیی) بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی تاقیکردنەوەکانی(Independent Sample t-test) بۆدوگۆڕاوی سەربەخۆمان بەکارهێنا ئەنجامەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە بوون کەلەخشتەی(10) خراوەتەڕوو:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی (10)جیاوازی بەپێی لقی خوێندن بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی دەخاتەڕوو:

| فۆبیای کۆمەڵایەتی | لقی زانستی | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای t دەرهێنراو | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| | زانستی | 68.38 | 20.80 | 1.167 | بەڵگەدارنییە |
| | وێژەیی | 71.03 | 20.91 | | |

لەم خشتەیە(10)دەردەکەوێت کەجیاوازی نییە لەفۆبیای کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی لقی خوێندن(زانستی و وێژەیی)کاتێك دەبینین فۆبیای کۆمەڵایەتی بەپێی جۆری خوێندن زانستی و وێژەیی جیاوازیی نییە، واتە ئەم گۆڕاوە کاریگەری نییە لەسەر فۆبیای کۆمەڵایەتی، ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ لێکنزیکی ئاستی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کولتوری و نزیکی تەمەنی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە، لەلایەکیتر بابەتێکی تایبەت نییە بەتەندروستی دەرونی وەك پرۆگرام لە ناوەندەکانی خوێندن بخوێندرێت تاکو جیاوازییەکان دەرکەوێت لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین ئەنجامێکی لۆژیکییە کە یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکەمان جیاوازیان نەبێت لەفۆبیای کۆمەڵایەیتی. ئەم ئەنجامەش هاوشانی ئەنجامی توێژینەوەکانی: (رفاعی، مظلوم و الطنطاوي، 2018) و (الرقاد، 2017) کەپێیان وایە هیچ جیاوازی نییە بەپێی لقی خوێندن(زانستی و وێژەیی) لەفۆبیای کۆمەڵایەتی.

د-زانینی جیاوازی فۆبیای کۆمەڵایەتی بەپێی ئاستی بژێوی ژیان(هەژار، مامناوەند، بەرز)، بۆئەم مەبەستە تاقیکردنەوەی(One Way ANOVA)مان بەکارهێنا، بۆئەوەی بزانین جیاوازی هەیە لەنێوان ئاستی بژێوی ژیان(هەژار، مامناوەند، بەرز) لە فۆبیای کۆمەڵایەتی، ئەنجامی ئەمەش لە خشتەی(11)خراوەتەڕوو:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی(11)بۆزانینی جیاوازی فۆبیای کۆمەڵایەتی بەپێ گۆڕاوی ئاستی بژێوی ژیان

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی جارانەکان | نمرەی ئازادی | ناوەندی کۆی جارانەکان | بەهای (ف)دەرهێنراو | بەهای(ف) خشتەیی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Between groups | 5371.524 | 2 | 2685.762 | 6.347 | 3.00 | بەڵگەدارە |
| Witgin groups | 167986.646 | 397 | 423.140 | | | |
| Total | 173358.170 | 399 | | | | |

خشتەی(11)ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی(ANOVA)ڕوندەکاتەوە بۆجیاوازی ئاستی بژێوی ژیان لەفۆبیای کۆمەڵایەتی. لەم خشتەیەدا ئەوە ڕون دەبێتەوە کە جیاوازی هەیە لەنێوان گروپەکان بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی ئاستی بژێوی ژیان، کە بەهای(ف)بریتییەلە(6.347) بەئاستی ئاماژەداری(0.002)ئەمەش کەمترە لە(0.05) ئەمەش بەڵگەی ئاماژەداری جیاوازییە. بۆزانینی ئاراستەی جیاوازییەکان یەکێك لە تاقیکردنەوەکانی پاشەکیمان بەکارهێنا کە تاقیکردنەوەی(Scheffe):

خشتەی (12)ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی بەراوردی پاشەکی شیفیە

| فۆبیای کۆمەڵایەتی بەپێی ئاستی بژێوی ژیان | جیاوازی لەناوەندەکان Mean Differences | ئاستی ئاماژەداری | ئەنجام |
|---|---|---|---|
| ناوەند---بەرز | 8.12262 | 0.110 | بەڵگەدار نییە |
| هەژار---بەرز | 23.54399* | 0.002 | بەڵگەدارە |
| هەژار---ناوەند | 15.42137* | 0.024 | بەڵگەدارە |

لەم خشتەیەدا(12)ڕوندەبێتەوە کە هۆکاری بونی بەڵگەداری جیاوازی لەفۆبیای کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە بۆ بونی جیاوازی لای(هەژار)بەجیاوازی( 23.54399) لەگەڵ ئاستی (بەرز)؛ هەروەها جیاوازی(15.42137) لە گەڵ ئاستی ناوەند، بەبەڵگەی ئاماژەداری(0.002-0.024)بەدوای یەکدا کەمتر لە(0.05)، بەڵام جیاوازی ئاماری ئاماژەداری بەدی نەکرا لەنێوان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چینی ناوەند و بەرز. ئەم ئەنجامەش پێچەوانەی ئەنجامی توێژینەوەی:(رفاعی، مظلوم و الطنطاوي، 2018) ئەنجامی توێژینەوەکەیان گەیشتونەتە ئەوئەنجامەی جیاوازی نییە بەپێی ئاستی بژێوی ژیان.

فۆبیای کۆمەڵایەتی بەپێی ئاستی بژێوی ژیان جیاوازی هەیە و جیاوازییەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی بژێوی هەژار. ئەم جیاوازییەش ڕەنگە بۆئەوە بگەڕێتەوە کە منداڵی خێزانە هەژارەکان جگەلەوەی زۆرینەیان بەرپرسیارێتی بەڕێوەبردنی ژیانی خێزانەکانیان لەسەرشانە و بەشێوەیەکی ئاسایی ناتوانن گرنگی بەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کارلێکی کۆمەڵایەتی خۆیان بدەن و کارامەییەکانی ژیان تێیاندا بەنیوەناچڵی دەمێنێتەوە لەلایەك و لەلایەکیتریشەوە هەمیشە خەم و نیگەرانی و دڵەڕاوکێیان هەیە بۆ ئەوشتانەی کەپێویستیانە و بەردەست نییە وەك هاوڕێکانی تریان کە تاڕادەیەك بۆیان بەردەستە، ئەمەش وادەکات لەهەژارەکان هەستی خۆبەکەمزانین لایان دروستبێت و توشی جۆرێك لە ڕەفتاری خۆلادانی کۆمەڵایەتی و تێکەڵ نەبون ببنەوە لەئەنجامیشدا توشی فۆبیای کۆمەڵایەتیی ببنەوە.

بەم شێوەیە گەیشتین بەئامانجی دووەمان.

## 6. ڕاسپاردەکان

لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، ژمارەیەك ڕاسپاردە ئاراستەی وەزارەتی پەروەردە دەکەین بەمەبەستی گەیشتن بە دەرونساغی و کۆمەڵساغی و کۆمەڵگەیەکی دور لەنەخۆشی دەرونی:

أ-ئاشناکردنی مامۆستایان و کارمەندانی قوتابخانەکان بە جۆر و کاریگەری شڵەژانە دەرونییەکان لەسەر کەسایەتی قوتابی و کۆسپەکانی بەردەمی، ئەمەش لەڕێگەی کردنەوەی خولی چڕو پڕی تایبەت بەو بابەتانە لەلایەن کەسانی بەتواناو پسپۆڕ و شارەزا بەجۆرێك دوربێت لە بەرێکردن و ڕۆتینی.

ب-ئاشناکردنی مامۆستایان بە تایبەتمەندی قۆناغی هەرزەکاری و پێویستییە جەستەیی و دەرونی و کۆمەڵایەتییەکان و چۆنێتی مامەڵەی دروست لەڕوی (گوفتار و ڕەفتار)ەوە لەگەڵ

قۆناغی هەرزەکاری و تێرکردنی ئەوپێویستییە مەعنەویانەی کەپێویستیانە بۆگەشەی مەعریفی و کۆمەڵایەتی و دەرونی؛ ئەمەش لەڕێگەی هوشیارکردنەوەی مامۆستایان لەو قۆناغانە بەکردنەوەی خولی تایبەت لەلایەك و گرنگیدان بە وانەکانی (وەرزش و هونەر-وێنە کێشان، مۆسیقا، شانۆ....)لەقوتابخانەکاندا

ج- چۆنێتی مامەڵەکردنی دروست لەگەڵ قۆناغە جیاوازەکانی فێرخوازان چاودێریکردنی پێڕەوکردنی و هوشیارکردنەوەی قوتابیان بۆچۆنێتی مامەڵەی دروست لەگەڵ کەسانی هەژار لەناوەندەکانی خوێندندا، ئەمەش لەڕیگەی دەرکردنی ڕینمایی تایبەت بەو بوارە؛ لەهەمانکاتدا پێویستە ئیدارەی قوتابخانەکان هوشیاربکرێنەوە لەوەی هەر یارمەتی دانێك بۆ کەسانەی کەم دەرامەت پێویستە بەشێوەیەکی نهێنی بێت و قوتابییەکانی تر بەویارمەتییە نەزانن.

### 7. توێژینەوە پێشنیازکراوەکان

ا-هەمان ناونیشان لە قوتابخانەکانی فۆناغی بنەڕەتی.

ب- کارلێکی کۆمەڵایەتی نێو خێزان و پەیوەندی بە فۆبیای کۆمەڵایەتییەوە.

## سەرچاوەکان:

1. ابريعم، سامية(2016). مستوى الرهاب الاجتماعي لدى المراهقين في مدارس مدينة تبسة-الجزائر، مجلة جامعة الاسقلال للابحاث، 1، (2) صص: 29-58.
2. الحمد، نايف فدعوس، العوهلي، خالد بن ناصر و حميدات، محمود أحمد(2016). مستوى الرهاب الاجتماعي وعلاقته بالتكيف النفسي والاجتماعي لدى طلبة السعوديين في الجامعات الأردنية. دراسات، العلوم التربوية، 43، (5)، صص:1871-1886.
3. رضوان، سامر جميل(2001). القلق الاجتماعي: دراسة ميدانية لتقنين مقياس للقلق الاجتماعي على عينات سورية، مجلة مركز البحوث جامعة قطر، السنة العاشرة، (19). صص:47-77
4. رفاعي، ناريمان محمد، مظلوم، مصطفى علي رمضان و الطنطاوي، حازم شوقي محمد(2018). أضطراب القلق الاجتماعي لدى طلاب الجامعة في ضوء بعض المتغيرات، مجلة كلية التربية ببنها) 6، (116)صص:235-281.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5. الرقاد، هناء خالد(2017). الرهاب الاجتماعي وعلاقته بالتوافق الجامعي لدى طلبة الجامعة الهاشمية، مجلة العلوم التربوية والنفسية، 1، (3)، صص: 232-248.
6. سالمي، مسعودة و سعدالله الطاهر(2022). العملية الارشادية وفق نظرية ألبرت أليس للإرشاد العقلاني الانفعالي، مجلة الباحث في العلوم الإنسانية والاجتماعية، 1، (14) صص:
7. السوالقة، رولا عودة و الحوسني، محمد اسماعيل(2019). الرهاب الاجتماعي من التنظير الاجتماعي إلى سبل العلاج: دراسة سوسيولوجية إكلينيكية. مجلة جامعة الشارقة للعلوم الإنسانية والاجتماعية، 16، (2) صص: 112-138.
8. الشناوي، محمد محروس(1996). العملية الارشادية، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع:
9. العاسمي، رياض نايل(2015). العلاج العقلاني الانفعالي السلوكي بين النظرية والممارسة. دار الاعصار العلمي للنشر والتوزيع: عمان.
10. عدوي، طه ربيع طه (2011). النماذج والنظريات المفسرة للرهاب الاجتماعي، مجلة الارشاد النفسي-مركز الارشاد النفسي-(29)، صص: 489-513.
11. ميدون، مباركة و هتهات، مسعودة(2022). مظاهر الرهاب الاجتماعي لدى عينة من الطلبة الجامعيين(دراسة استكشافية بكلية العلوم الإنسانية والاجتماعية بجامعة قاصدي مرباح بورقلة. مجلة الفكر المتوسط، 1، (11)،صص:638-659.
12. وردة، بلحسيني(2010). أثر برنامج معرفي-سلوكي في علاج الرهاب الاجتماعي لدى عينة من طلبة الجامعة-دراسة تجريبية بجامعة قاصدي مرباح بورقلة(أطروحة الدكتوراه غير منشورة) جامعة قاصدي مرباح ورقلة- كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية.

13. Ali, S. K, Kareem, M. S, and Al.Banna. (2016). Assessment of social phobia among students of nursing college in Hawler Medical University at Erbil city-Iraq. Kufa journal for nursing science. 6,(2). pp: 1-8.
14. DSM-5 (2013). Diagnostic and statistical manual of mental disorder(5th Ed.) American psychological association, New school library: Washington, DC.
15. Ellis, A. and Grieger, R. (1977). Handbook of rational emotive therapy. Springer Publishing Company: New York.
16. Ellis, A. (1991). The revised ABC's of rational-emotive therapy(RET). Journal of rational-emotive and cognitive-behavioural therapy. V(9) N(3) pp:139-172.
17. Ellis, A. (2002). Overcoming resistance: A rational emotive behavior therapy integrated approach. 2nd Ed. Springer publishing company: New York.

18. Gardi, A. H. H. (2016). Prevalence of social phobia among high school students in Erbil, Kurdistan region. Zanko j. Med. Sci, (20), (3).Pp: 1497-1504.
19. Heiser, N. A. (2004). Differentiating social phobia from shyness. Dissertation submitted to the Faculty of the Graduate School of the University of Maryland, College Park, in partial fulfillment of the requirements for the degree of Doctor of Philosophy
20. Lipsitz, J. D., and Schneier, F. R. (2000). Social phobia Epidemiology and cost of illness. Pharmacoeconomics. 18(1),pp: 23-32.
21. Mattick, R. P., and Clarke, J. C. (1998). Development and validation of measures of social phobia scrutiny fear and social interaction anxiety1. Behaviour Research and Therapy, 36(4), 455-470
22. Neenan, M. and Dryden, W. (2006). Rational emotive behavior therapy in a nutshell. SAGE Publication: London, Thousand Oaks, New Delhi.
23. O’Kelly, M. E. and Collard, J .J. (2015) Rational emotive bihavioural therapy. The Oxford handbook of cognitive and behavioral therapies. Online publication: DOI: 10.1093/oxfordhb/9780199733255.013.28
24. Safren, A., A.; Turk, C. L. and Heimberg, R. G. (1998). Factor structure of the social interaction anxiety scale and the social phobia scale. Behavior research and therapy 36. pp: 443-453.
25. Sekaran, U. (2003). Research methods for business (4th Ed) New york: John Wiley and Sons, Inc.
26. Sulayman, S. S. and Ahmed, O. H. (2021). The Reasons for School Dropout and Their Relationship To Some Variables. QALAAI ZANIST JOURNAL, 6(1), 327–359. https://doi.org/10.25212/lfu.qzj.6.1.13

پاشکۆی (1)ناوی پسپۆڕانی هەڵسەنگێنەری ڕاستگۆیی پێوەرەکان:

| ژ | ناو | نازناوی زانستی | پسپۆڕ | بڕوانامە | شوێنی کارکردن |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | عمر ابراهيم عزيز | پرۆفیسۆر | توانستەکان | دکتۆرا | کۆلێژی ئاداب-دەرونزانی |
| 2 | عبدالحميد علي سعيد برزنجي | پرۆفیسۆر | گۆڕانی کۆمەڵایەتی | دکتۆرا | کۆلێژی ئاداب-کۆمەڵناسی |
| 3 | مؤيد اسماعيل جرجيس | پرۆفیسۆر | تەندروستی دەرونی | دکتۆرا | کۆلێژی پەروەردە-ڕێنمایی |
| 4 | سەليم بطرس الياس | پرۆفیسۆر | کۆمەڵگەی مەدەنی | دکتۆرا | کۆلێژی ئاداب-کۆمەڵناسی |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 5 | محمد محی الدین صادق | پ.ی | پێوان و هەڵسەنگاندن | دکتۆرا | کۆلێژی پەروەردە-ڕێنمایی |
| 6 | جوان اسماعیل بکر | پ.ی | دەروونزانی کۆمەڵایەتی | دکتۆرا | کۆلێژی ئاداب-کۆمەڵناسی |
| 7 | لقمان صالح کریم | پ.ی | زانستە ژینگەییەکان | دکتۆرا | ز.سلێمانی-زانستە مرۆڤایەتییەکان-کاری کۆمەڵایەتی |

پاشکۆی(2) پێوەری فۆبیای کۆمەڵایەتی
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
کۆلێژی ئاداب-بەشی کۆمەڵناسی
خوێندنی باڵا-دکتۆرا
ساڵی خوێندنی 2021-2022

فێرخوازی ئازیز!
ئەم پێوەرە تایبەتە بە توێژینەوەیەکی زانستی بەناونیشانی(کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان مامۆستاو قوتابی و پەیوەندی بەزیرەکی هەڵچونی و فۆبیای کۆمەڵایەتییەوە) لەقوتابخانە ئامادەییەکانی ناوەندی شاری هەولێر.
وەڵامدانەوەت بەشێوەیەکی ڕاستو دروست، یارمەتیمان دەدات ئەوکێشەو کۆسپانە دەستنیشان بکەین کەدێنە ڕێی فێرخوازان لەپرۆسەی پەروەردەییدا.
تێبینی:
1-پێویست بەناونوسین ناکات.
2-تکایە هیچ برگەیەك بەبێ وەڵام بەجێ مەهێڵە.
3-وەڵامدانەوەکەت تەنها بۆمەبەستی زانستی بەکاردەهێنرێت.
4-هیچ وەڵامێك ڕاست و هەڵەنییە، بەڵکو وەڵامی تۆیە بۆ هەربرگەیەك. بە دانانی هێمای(✓)لە ئاستی یەکێك لەم جێگرەوانە: (هەرگیز، بەدەگمەن، هەندێك جار، زۆرجار، هەمیشە)
لەگەڵ ئەوپەری ڕێز و پێزانینمان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| ژ | برگەکانی فۆبیای کۆمەڵایەتی | هەرگیز | بەدەگمەن | هەندێك جار | زۆرجار | هەمیشە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | دەترسم لەبەشداریکردنی ئاهەنگ و بۆنەکۆمەڵایەتییەکانی قوتابخانە. | 1 | | | | 5 |
| 2 | خۆم لادەدەم لەقسەکردن لەگەڵ ئەوقوتابیانەی نایانناسم. | | | | | |
| 3 | لەکاتی تەنیایی هەست بەئارامی دەکەم. | | | | | |
| 4 | حەزدەکەم لەکاتی نانخواردن بەتەنها بم. | | | | | |
| 5 | کاتێك کات بەسەردەبەم لەگەڵ قوتابییەکانیتر دواتر لۆمەی خۆم دەکەم. | | | | | |
| 6 | خۆم بەدووردەگرم لە قسەکردن لەگەڵ مامۆستاکان. | | | | | |
| 7 | توشی دڵەڕاوکێ دەبم کاتێك لەبەرامبەرقوتابی و مامۆستاکان دەنوسم. | | | | | |
| 8 | کاتێك تێکەڵ بەقوتابیاندەبم، لەوەدەترسم پشتگوێ بخرێم. | | | | | |
| 9 | شەرم دەکەم لەبەرامبەر ڕەگەزی بەرامبەر قسەبکەم. | | | | | |
| 10 | لەکاتی قسەکردن لەگەڵ قوتابی و مامۆستاکان شەرم دەکەم. | | | | | |
| 11 | ناتوانم لەکاتی گفتوگۆکاندا بۆچونی خۆم دەربڕم لەپۆلدا. | | | | | |
| 12 | بەلامەوە قورسە هاوڕانەبم لەگەڵ بۆچونی هاوپۆلەکانم. | | | | | |
| 13 | لەهەموچالاکییەك خۆم بەدوردەگرم کەسەرنجی مامۆستاو قوتابییەکانیتری لەسەربێت. | | | | | |
| 14 | هەموشتێك دەکەم بۆئەوەی ڕەخنەم ئاراستە نەکرێت لەلایەن مامۆستاو قوتابیانەوە. | | | | | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 15 | کاتێك بەگۆڕەپانی قوتابخانەکەدا دەڕۆم هەست دەکەم قوتابییەکان تەماشای من دەکەن و دەشلەژێم. | | | | | |
| 16 | زۆربەلامەوە قورسە شتێك بخۆمەوە لەنێوکۆمەڵێك لەقوتابیاندا. | | | | | |
| 17 | زۆربەلامەوە قورسە لەکافتریای قوتابخانە نان بخۆم. | | | | | |
| 18 | دەشلەژێم ئەگەر لەڕیزی نۆرەگرتن بوەستم. | | | | | |
| 19 | کاتێك تێکەڵ بەهاوپۆلەکانم دەبم دەترسم هەڵەیەك ئەنجامبدەم. | | | | | |
| 20 | کاتێك تێکەڵ بەهاوپۆلەکانم دەبم دەترسم کەس قسەم لەگەڵ نەکات. | | | | | |
| 21 | لەترسی ڕەخنەی قوتابییەکان بەشداری چالاکییە ئەکادیمییەکان ناکەم. | | | | | |
| 22 | لەترسی ڕەخنەی مامۆستاکان بەشداری چالاکییە ئەکادیمییەکان ناکەم | | | | | |
| 23 | لەکاتی پێشکەشکردنی وتارێك هەست دەکەم مامۆستا و قوتابییەکان هەست بە شڵەژانم دەکەن. | | | | | |
| 24 | زیادبونی لێدانی دڵم بێزارم دەکات کاتێك پەیوەندی و کارلێك لەگەڵ مامۆستا و هاوپۆلەکانم دەکەم. | | | | | |
| 25 | ئارەقەکردنەوەی زۆر بێزارم دەکات کاتێك قسەلەگەڵ هاوپۆلەکانم دەکەم. | | | | | |
| 26 | نیگەران دەبم لەکاتی سوربونەوەی دەم و چاوم لەبەرامبەر مامۆستا و هاوپۆلەکانم. | | | | | |
| 27 | دەست و پێم دەلەرزن لەکاتی ئەنجامدانی چالاکییەك لەبەرامبەر مامۆستاو قوتابییەکانیتردا. | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | زمان و قورگم وشك دەبێت کاتێك تێکەڵ بە قوتابییەکانیتر دەبم. | 28 |
| | | | | | هەناسەم توند دەبێت کاتێك چالاکییەك لەبەرامبەر مامۆستا و قوتابییەکانیتر ئەنجام دەدەم. | 29 |
| | | | | | دەنگم دەگۆڕێت کاتێك بمەوێت لەبەرامبەر مامۆستا و قوتابییەکانیتر قسەبکەم. | 30 |

# The prevalence of social phobia in a group of high school students A field study in high schools in the city of Erbil

**Omar Hama Ahmed**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
omar.ahmed@su.edu.krd

**Sabah Ahmed Muhammad**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
sabah.najar1@su.edu.krd

***Keywords:*** *Social phobia, High school, High school students, Social Anxiety, Teacher.*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## Abstract
This research intends to measure the prevalence of social phobia in a sample of high school students, as well as knowing the variations among the research variables, such as gender (male and female); school type (public or private); Study type (literary and scientific); The level of living (lower, medium, or high), The research was designed using a descriptive analytic approach a social survey sample. Participated in a high school study (400 units) in which a scale to measure social phobia was developed by the researcher. The statistical package for social sciences (SPSS) was used to analyze the data. According to the research's findings, 22.5% of the research sample had social anxiety, which is low when compared to other studies. Additionally, the variable doesn't make a difference: Gender; type of school; type of education; However, there are differences in the standard of living (lower, average, and higher) in favor of the lower standard of living, which means that the lower standard of living causes social phobia in comparison to the average and higher living conditions. The researchers developed some recommendations and solutions to address social phobia in students based on the findings of the research.

-----------------------------------------------------------------------------------------------

# مستوى الرهاب الاجتماعي لدى عينة من الطلبة الثانوية
# (دراسة ميدانية في ثانويات مدينة اربيل)

**الملخص**

يهدف هذا البحث إلى التعرف على مستوى الرهاب الاجتماعي لدى عينة من طلبة المرحلة(١١). كذلك التعرف على الفروق الفردية حسب متغيرات: الجنس(الذكور والاناث)، نوع المدرسة(حكومي واهلي)؛ ونوع الدراسة(العلمي والادبي)؛ فضلا عن المستوى(دنيا، وسط، عالي)، تم تصميم البحث على المنهج الوصفي طريقة المسح الاجتماعي بالعينة. والتي بلغت حجمها(٤٠٠) وحدة في المدارس الاعدادية، تم بناء مقياس لقياس الرهاب الاجتماعي. ومن أجل تحليل البيانات تم استخدام الحقيبة الاحصائية في العلوم الاجتماعية(SPSS). أوضحت نتائج

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

البحث، أن مستوى الرهاب الاجتماعي لدى عينة البحث بلغ (22.5%) حيث بينت انها منخفضة مقارنة بالدراسات السابقة، فضلا عن، انه ليس هناك فروق حسب متغيرات: الجنس؛ نوع المدرسة؛ نوع التعليم؛ بل هنالك الفروق في المستوى المعيشة(دنيا ، وسط ، عالي) لصالح المستوى المعيشي للوحدات الدنيا، مما يعني أن المستوى المعيشي الدنيا يؤدي إلى رهاب اجتماعي مقارنة بالظروف المعيشية للوحدات المتوسطة والعليا. بناءا على نتائج البحث قام الباحثان بعرض التوصيات والمقترحات لمعالجة الرهاب الاجتماعي لدى الطلبة.